
# حەز دەکەی پرۆگرامەکان بکەی بە کوردی




یەکێك لە ئاواتەکانی ئەوانەی کە خەریکی فێربوونی کۆمپیوتەرن ئەوەیە کە ئەو پرۆگرامانەی کە هەموویان بەزمانی ئینگلیزی نووسراون، بەکوردی یان بەو زمانە نووسرابان کە خۆمان شارەزاییمان بەسەردا هەیە، یان رەنگە حەز بکەن خۆتان پرۆگرامە گرنگەکان بکەن بە کوردی. رەنگە پێتان وابێ کارێکی دژوار بێ، بەڵام وانییە، چونکە پرۆگرامی Lingobit Localizer Enterprise بۆ ئەو مەبەستە داندراوە، بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەتوانی گشت بەشەکانی پرۆگرامێك وەربگێردرێ، کاتێك وەرتگێڕا جارێکی دیکە دایبنێیەوە سەر پرۆگرامەکە بەجۆرێك کە هەست بەوە بکەن کە پرۆگرامەکە بەو زمانە نووسراوە. ئەو پرۆگرامە لەگەڵ گشت زمانەکان دەگونجێ، چونکە لە فۆنتی Un-code سوود وەردەگرێ کە ئەو فۆنتە بەتەواوی لەگەڵ زمانی کوردی گونجاوە.

## مۆبایلە کۆنەکان دەبنە لەمسی



ماوەیەکە ئامرازە دیجیتاڵییەکان بەرەو هەستیار بوون بە پەنجەکان دەچن، واتە دەبنە لەمسی. گرنگترین ئامێری دیجیتالیش کە بەرەو لەمسی بچێت مۆبایلە، ئێستا گشت ئەو کۆمپانیانەی کە مۆبایل بەرهەم دێنن لە دوایین بەرهەمیاندا بیریان لە لەمسی بوون کردۆتەوە. لە کاتێکی ئاوادا دەبێ گشت مۆبایلە کۆنەکان کە هەستیارنین بە لێدانی پەنجەکان، واتە لەمسی نین، وەلاوە بنرێن. ئەندازیارانی زانکۆی کۆمبریج پرۆگرامێکیان بەرهەم هێناوە کە لەسەر مۆبایلە غەیرە لەمسییەکان دادەنرێت و دەیانکات بە مۆبایلی لەمسی. گەر ئەو پرۆگرامە نوێیە بگوزازرێتەوە بۆ کۆمپیوتەریش ئەوە گۆڕانکارییەکی نوێ لە جیهانی کۆمپیوتەریش دا پێك دێت. بۆ ئەوەی کە مۆبایلەکەت ببێتە لەمسی پێویست بە هیچ ئامێرێك یان دەستکاری کردنی مۆبایلەکە ناکات، تەنیا ئەوەندە بەسە کە ئەو پرۆگرامەی بۆ ئەو مەبەستە داهێنراوە کەچی هێشتا بڵاونەکراوەتەوە لە ئینتەرنێت وەربگری و دایبەزێنیە سەر مۆبایلەکەت.

# باشترین دژە ڤایرۆسەکانی ئەم ساڵە



ئەوانەی کە ڤایرۆس دەنووسن و بڵاوی دەکەنەوە، جا بەهەر مەبەستێك ئەو کردارە نابەجێیە ئەنجام بدەن، رۆژ بەرۆژ ڤایرۆسی نوێ کە ئەرکی تێکدارنەیان زیاترە بەرهەم دێنن و بڵاوی دەکەنەوە. لەو نێوەشدا کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی دژە ڤایرۆس هەوڵ دەدەن باشترین دژە ڤایرۆس بەرهەم بێنن بۆ ئەوەی کە بەربەست لەبەرامبەر کارە تێکدەرانەکانی ڤایرۆس نووسەکان دابنێن. لەنێو ریزی باشترین دژە ڤایرۆسەکانی ساڵی 2010 کە گۆڤاری بەناوبانگی "وال ئیستریت ژورنال" بڵاویکردۆتەوە، ناوی سێ دژە ڤایرۆس بەرچاو دەکەون، ئەوانیش بریتین لە: دژە ڤایرۆسی نورتۆن (Norton) کە کۆمپانیای Symantec بەرهەمی هێناوە، هەروەها دژە ڤایرۆسی cloud Antivirus کەکۆمپانیای Pandaی ئیسپانیایی بەرهەمی هێناوە، لەگەڵ دژە ڤایرۆسی Symplifeid کە کۆمپانیایەکی ئەمریکایی بەرهەمی هێناوە. ئەوەی دواییان زۆر کەمتر ناسراوە و کەمتر بەگوێی بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر کەوتووە.

# کورتە پەیامەکەت بە ئاسانترین شێواز بنێرە

دوای ئەوەی کە کیبۆردی مۆبایل بەرەو لەمسی بوون چووە، کاری نووسینی کورتە پەیامیش تا رادەیەك ئاسانتر بۆتەوە، بەڵام رەنگە ئەوانەی کە بەردەوام خەریکی کورتە پەیام ناردنن حەزدەکەن لەوەش ئاسانتر بێتەوە، بکرێت وشەیەك کە جارێك نووسیویانە جارێکی دیکە دووپاتی نەکەنەوە و لە میمۆری مۆبایلدا خەزن بێت، بۆ ئەوەی کە گەر جارێکی دیکە پێویستیان بەو وشەیە بێت، بتوانن بەبێ سەرلەنوێ نووسینەوە دایبنێن، بۆ ئەم مەبەستە پرۆگرامی Swype بەرهەم هاتووە، ئەو پرۆگرامە تایبەتە بە هاندە لەمسییەکان، بەهۆی ئەو پرۆگرامە دەتوانی تەنیا پەنجەکان بەپێی وشەکە لەسەر دوگمەکان دابنێی، هەروەك لە وێنەکەدا دیارە، بەڵام گرفتێك کە لەو پرۆگرامەدا هەیە کوردی یان عەرەبی پێنانووسرێ و تەنیا پیتی لاتینی پێ دەنووسرێ. دوای نووسینی هەر وشەیەکیش دەتوانی خەزنی بکەی و جارێکی دیکە نەینووسییەوە.



# گوگل گۆڕانکارییەکی نوێ لە فۆرماتی وێنەدا پێک دێنێ

ئەو فۆرماتانەی کە وێنەی پێ خەزن دەکرێت، گەلێك جــۆرن، بەڵام باوترین فۆرماتی وێنە، فۆرماتی JPEGیە، ئەو فۆرماتە بەهۆی ئەوەی کە قەوارەی وێنەکە تا رادەیەکی باش کەم دەکاتەوە، بەڵام گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بەسەر کوالیتی وێنەدا ناهێنێ، بۆ ماڵپەر و وێبلاگی ئینتەرنێت سوودێکی زۆری لێوەردەگیرێ، چونکە لاپەڕەی سایتەکە قورس ناکات.

بەم دواییانەی کۆمپانیای گوگل فۆرماتێکی نوێی بەرهەم هێناوە کە زۆر بچووکترە لە فۆرماتی JPEG و کوالیتی وێنەکەش تێك نادات، فۆرماتە نوێیەکەی گوگل بە فۆرماتی WebP ناسراوە، ئەو فۆرماتە نوێیە دەتوانێ ببێتە هۆی ئەوەی کە بە یەکجاری ماڵئاوایی لە فۆرماتی JPEG بکرێت، کە ئێستا وەك باشترین فۆرماتی وێنە ناسراوە. بە فۆرماتی WebP دەکرێ وێنەیەك تاکو 39% قەوارەکەی کەم بکرێتەوە، کوالیتەکەشی هەر بەقەد کوالیتی JPEG بێت. کۆمپانیای گوگل و بەکارهێنەرانی هێڵی ئینتەرنێت لەو بڕوایەدان کە 65% بە درەنگ کرانەوەی سایتەکان بۆ وێنەکانی ناو سایتەکە دەگەڕێتەوە. بۆ ئەوەی کە ئەو فۆرماتە نوێیە دابەزێتە سەر کۆمپیوتەرەکەت پێویستە پرۆگرامی Fierfox ڤێرژنی 4 لەسەر کۆمپیوتەرەکەت هەبێت.




## کامێرایەکی سێ ڕەهەندی بەبێ چاویلکە

پێشتریش لە بابەتەکانی تردا باسی ئەوەمان کردووە، کە جیهان بەرەو سێ ڕەهەندی دەچێت و ڕۆژ بەڕۆژ ئامێرەکان دەبنە سێ ڕەهەندی، بەڵام گرفتێك لە سەیرکردنی دیمەنە سێ ڕەهەندییەکاندا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە بە چاوی ئاسایی نابیندرێن و دەبێ چاویلکەی تایبەتی خۆیان لەگەڵ بێت، بەڵام لەم دواییانەدا کۆمپانیای M-nox کامێرایەکی بچووکی بەرهەم هێناوە کە بۆ سەیرکردنی ئەو وێنانەی بەو کامێرایە دەگیرێن پێویست بە هیچ جۆرە چاویلکەیەك ناکات. کامێرایەکە بە PX3D ناسراوە، خاوەنی چوار لێنزە، کە هەر چوار لێنزەکە لەسەر یەکتر دادەنرێن و بۆ گرتنی وێنەی سێ ڕەهەندی سوودیان لێوەردەگیرێ، هەربۆیە ئەو وێنەیەی کە بەو کامێرایە دەگیرێت پێویستی بە چاویلکە نییە. دواتر وێنەکان لە فایلێکی AVI دا کۆدەبنەوە و دەکرێ بەبێ چاویلکەش سەیری وێنەکان بکەی.




## دیسکتۆپێکی

دیسکتۆپ یان مێزی کاری کۆمپیوتەر گەلێك جاران بەو فایلانەی لەسەر شاشەکە دامانبەزاندوون ئەوەندە قەرەباڵغ دەبێت، کە خۆمان حەزی لێناکەین، بەڵام ئەگەر ئەو فایلانەی لەسەر کۆمپیوتەرەکەتن بە شێوەیەکی زۆر جوان و سەرنجڕاکێش دابندرێن، بۆ نموونە ببنە گوڵێك، یان ئەستێرەیەك ئەوکاتە دیسکتۆپەکەت زۆر سەرنجڕاکێش دەبێ. پرۆگرامی Desktop icon toy باشترین پرۆگرامە کە بە ئاسانترین شێوە



# ئەنتی ڤایرۆس بە خۆرایی (3)

لە دوو ژمارەی رابردوودا باسی دوو ئەنتی ڤایرۆسمان کرد کە بەبێ بەرامبەر لە ئینتەرنێت دادەبەزن و تا رادەیەکی زۆریش وەڵامیان داوەتەوە، چونکە ئەو ئەنتی ڤایرۆسانە لەلایەن کۆمپانیای زۆر ناسراوەوە دەردەچن، تەنانەت ئەگەر بۆ ناوبانگی کۆمپانیاکەش بێت دەبێ بەباشی ئەرکی خۆیان جێبەجێ بکەن. لەم ژمارەیەشدا باسی یەکێکی دیکە لەو ئەنتی ڤایرۆسانە دەکەین کە ئەو ئەنتی ڤایرۆسە لەلایەن خودی کۆمپانیای مایکرۆسۆفتەوە بەرهەم هاتووە.

ئەنتی ڤایرۆسی Security Essentials: ئەو ئەنتی ڤایرۆسە دەکرێ بڵێین لەریزی هەرە باشەکان دەژمێردرێت و بەخۆراییشە، ئەو ئەنتی ڤایرۆسە، چونکە لەلایەن خودی کۆمپانیای مایکرۆسۆفتەوە بەرهەم هاتووە، بەتەواوی گشت کەلێن و کەلەبەرەکانی ویندۆز دەناسێ و بەرامبەر بە هەر پرۆگرامێکی سیخوڕی و ڤایرۆس هەستیارە. ئەو ئەنتی ڤایرۆسە بەردەوام بۆخۆی ئۆتۆماتیکی ئاپدێت دەبێتەوە. ئەنتی ڤایرۆسی Security Essentials بۆ ویندۆزەکانی 7، vista، xp دەگونجێت. دەتوانن ئەو ئەنتی ڤایرۆسە لەم سایتەی خوارەوە دابەزێنن. http://clicklinks.ir/29911c

# شەڕی نێوان بووک و خەسوو

کێشەی نێوان بووك و خەسوو هەر ئەوە نییە لە فۆلکلۆری گەلاندا جێگەی خۆی کردبێتەوە و یان وەك کێشەیەکی کۆمەڵایەتی سەیر بکرێ، لەم دواییانەدا بەرهەمهێنەرانی یاری کۆمپیوتەر، ئەو کێشەیان کردۆتە یارییەکی کۆمپیوتەری، یارییەکیان بەناوی Wedding Dash 4-Ever بەرهەم هێناوە، سەرەتای یارییەکە بەوە دەست پێدەکات کە زاوا خەریکی خۆئامادەکردنە بۆ ژن گواستنەوە، بەڵام دایکی زاوا واتە خەسوو، دێتە ناو یارییەکە و گشت کەلوپەلەکان تێکوپێکدەدات، ئیدی زاواش لە یارییەکەدا بەدژی بووك هەڵدەگەڕێتەوە و لایەنگری لە دایکی دەکات و دەگۆڕدرێ، ئێوە دەبێت بەجۆرێك یارمەتی زاوا بدەن کە بیگۆڕن و دڵی بۆ لای بووکە خانم راکێشن و ئەوکارە تێکدەرانەی خەسوو کردویەتی باشی بکەنەوە. یارییەکە تا رادەیەك کۆمیدییە.




# سەرنجڕاکێش

بەبێ هیچ چەشنە زانیارییەك لە کۆمپیوتەر، دیسکتۆپەکەت زۆر جوان و سەرنجڕاکێش دەکات. دەتوانی بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە کارێك بکەی کە هیچ چەشنە ئایکۆنێك لەسەر شاشەکە نەبیندرێت، یان ناوی ئایکۆنەکان نەبیندرێن، دەتوانی گۆڕانکاری لە سایزی ئایکۆنەکان دابهێنێ و رەنگی فۆنتی ئایکۆنەکان بگۆڕی. ئەو پرۆگرامە قەبارەکەی زۆر بچووکە، تەنیا 500 کیلۆبایتە. لەسەر گشت ویندۆزەکانیش دادەبەزێت.






www.gulan-media.com/it
بەرپرسی فایلی ئایتی: سەنگەر شنۆیی: بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504514008 Email: it @gulan-media.com